# خۆزگەکانی پیاوێکی تەنیا

ئەفشین سالْحی
لە فارسییەوە: فەرەیدوون پێوار
(سلێمانی)

١
هەر بەیانییەك كە دەتبینم
جێگاكەت كۆدەكەیتەوەو
چا بۆ خۆت تێدەكەیت و
بۆ منیش..

هەر كاتێك كە دەتبینم
دڵم بۆت تەنگ بووەو
دەستمت گرتووەو
بەرەو دەریا هەنگاو دەنێی..

هەر شەوێك كە دەتبینم
منت لەباوەشگرتووەو
بیر لەخەوتن دەكەیتەوە..

قیتارەكان درۆ دەكەن..
تۆ لەگەڵ هیچیانا نەڕۆیشتوویت!

٢
من لەو كاتانە دەترسێم كە تۆ نیت
لەو كاتانە زیاتر دەترسێم كە هەیت
كە نیت دەترسێم تۆ ڕۆیشتبیت و نەیەیت
كاتێك كە هەیت دەترسێم بڕۆی
بۆ هەمیشە بڕۆیت..

٣
تەنیا؛
لە سووچێكەوە دانیشتبوو
ئەژنۆكانی گرتبووە باوەش
ماندوو بوو
شەوەكان درێژ بوون و



ڕۆژەکانیش..
شەو بوون
مانگ هەڵاتبوو
خۆریش..
بێ ئۆقرە بوو.
غەمی گرتبووە باوەش
تەنیا..
لە سووچێکەوە ماندوو دانیشتبوو..
تەنیا..
دڵی گوشراوە..
تەنیا..
بیری تۆی کردووە.

تەنیاییەکەم چەنێ بێوێنە..
هاوشێوەم بوو..

٤

خۆزگە..
پەنجەرەیەك بوومایە
هەموو ڕۆژێ تۆم دەبینی
یان شەقامێك کە بەسەر منا تێدەپەڕی و
دەگەڕایتەوە.

خۆزگە..
تابلۆیەك بوومایە
کە لە من ڕادەمایت
منت دەکێشا، لەگەڵ خۆتا دەتبردەوە بۆ ماڵێ
بەدیواری ماڵەکەتدا هەڵمتدەواسی و
من لە ماڵەکەی تۆدا دەبووم.

خۆزگە..
ئاوێنەیەك بوومایە
کە خۆت لەمنا دەبینی
لە منا زوڵفەکانت شانە دەکرد
لە منا وێنەی خۆت دەکێشا
لە منا دەخەنیت..
مەگری ئازیزەکەم

من بەرگەی گریانەکانی تۆ ناگرم
نەکا تەمم گرتبێ و
بە ناشیرینی تۆم نیشان دابێ..!

خۆزگە..
بزەیەك بوومایە
لەسەر لێوانت دەبووم
یان خۆشییەك کە دەچوومە ناو دڵتەوەو
گریانەکانتم کۆتایی پێ دێنا..

خۆزگە..
مەردێ بوومایە بۆ تۆ..

٥

دەمویست
کاتێ کە دەهاتی خەواڵووبی
دواتر من تەماشای نیگاکانتم دەکرد و
خۆم دەبینی..

دەمویست کاتێ بێی
جەو خۆش بێ
ئەگەر شەوبێ مانگ بەئاسمانەوە بێ
بە(جوانی) و
ئەگەریش ڕۆژبێ..
هەتاوی جوانی درەوشاوە بووایە.

دەمویست کاتێ کە دەهاتی
بەهار بووایە
یان پاییز، یان زستان
یان هەر چییەك..

کاتێ کە دەهاتی..
دەمویست
بێی..

٦

سەرمامە..!

جوان خۆت..
بپۆشە.

٧
تاوانی قیتارەکان بوو
دەنا تۆ هەرگیز..
ئەوەندە دوور نەدەڕۆیشتی!

٨
ئەمشەو..
دڵی لێوم تەنگ بووە
ماچم کە.

٩
کە دڵتەنگ بووی
وەرە
لێرە تا دڵت حەزکات
دڵم بۆت تەنگ بووە.

١٠
لە پەنجەرەکە دەدات و
دەچینە کۆڵانەکە..
باران پێدەکەنێ
ئەو دادەخرێت و
منیش تەڕ..
باران هەمیشە لەگەڵ چەترا
درۆ دەکات.

١١
تەنیایی..
واتە شەقامێك کە نازانێ
تۆ لە ڕێگایەکی تر دای.

١٢
خۆش بەحاڵی ئەو شەقامەی
کە دەچێتەوە سەر..
ماڵەکەی تۆ!

١٣
دەزانم..
سەرمات بووە، بەڵام
لێمەگەڕێ دڵت بسووتێ و
گەرمت کاتەوە.

١٤
ئەی شەو..
بۆ کوێ دەڕۆی..؟
سبەینێ هیچ هەواڵێ نییە!

١٥
حاڵی باش نییە
نا، مەیە..!
لێگەڕێ بمرێ
ئەم دڵتەنگییە.

**بە کورتی...**

**ئەفشین ساڵحی، شاعیرێکی لاویی نوێخواز و هاوچەرخی ئێرانە، زیاتر لە ١٥ ساڵە شیعر دەنووسێ، بەزمانی سادە و بیریی قوڵ و وێنەی جوان، شعری کورت و چەند دێریی دەنووسێ. لە شعرەکانیا، هەمیشە خەون و خۆزگە و ئەوین و شەوو باران بوونییان هەیە. خۆزگە و خەونی سادە دەخوازێ، بۆ ژیانێکی سادە و مرۆڤدۆستانە و پڕ بەختەوەریی و ئەوین.**

**ئەو خاوەنی پێنج کتێب یان نامیلکەی شیعرە، بە ناوەکانی (١- خۆزگە خەونت کەمێ منی دەدەی. ٢- خۆزگە شوێنێك هەبووایە کە نەبوو. ٣- هەژار منم کە تۆم نیە. ٤- خۆزگە کەمێ لە ئارەزووەکانی تۆ دەبووم. ٥- وەك مانگ خۆشمدەوێی). ئەم شیعرە وەرگێردراوانە، ئەزموونی هەر پێنج بەرهەمەکەی ساڵحین.**

*** سەرچاوەکان لە بەشی دووەمی ئەو چەپکە شیعرە وەرگێڕاوەدا بڵاودەکەینەوە. (ڕامان)**